
# منیش ئەنفال کریام



ڕووناک شوانی / سوید

ئەنفال ڕوداوێکی سادە و ساکار نییە بە ئاسانی لەبیر بکرێ ، ئەنفال کارەساتێکی پلان بۆ داڕێژراوبوو بۆ جینۆسایدکردنی کوردوسڕینەوەی کوردستان لەنەخشە ، بەدەستی دڕندەترین حوکمڕانی سەردەم جێبەجێ کرا ، ئاسەواروکاریگەریی ئەنفال لەسەر هەموو تاکێکی خاوەن ویژدانی کورددا دیارەولەیادکردنی مەحاڵە ، بۆیە دەبێ هەنگاو بەهەنگاوی تۆمار بکرێ و خوێندنەوەی مێژوویی بۆ بکرێ ، لەسەری بوەستین و وانەی لی وەرگرین . ئەوانەی لە دۆزەخــی بۆکورد هەڵکراوی نوگرە سەلمان وعەرعەرگەڕانەوە وئەوانەیشی وا بە ڕێکەوت لەو دۆزەخە ڕزگاریان بوو، هەریەکەیان بەهەزاران داستانیان لا تۆمار بووە کە ویژدانی مرۆڤایەتی دەهەژێنێ . ئەمەی لای من تۆمارکراوە و باسی لێدەکەم دڵۆپێکە لە دەریایەکی ئەو کارەساتە، بەڵام هەر دڵۆپە فرمێسکێکی دیدەی ژنە کوردێکی ئەنفال مەرەکەبی مێژوویی پڕ مەینەتی کوردە و دەبێ یادداشت بکرێ .
لە ڕەوە بەکۆمەڵەکەی پاش ڕاپەڕین ڕێکەوت کردمی بە هاوەڵی کچێکی تەمەن 18–19 ساڵەی بە جەستە لە ئەنفال بەجێماو بە هەست وڕوح ئەنفال کراو ، سەر زمان و ژیر زمانی هەر باس باسی ئەنفال بوو ، زۆر بە تاسەوە گوێگری بووم ... لەدڵەوە هەستم بە ئازارەکانی ناخی دەکرد... هەر بۆیەش باوەڕی پێم هێنا و بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕامەوە.

من خەڵکی دێیەکی بچووکی گەرمیانم ،خەڵکی دێیەکەمان هەموو ئەنفال کریان ، ئێستاش نازانم کاکم و باوکم هان لە کوێ. لە کاتی ئەنفالەکەدا من و دایکم و برا بچووکەکەم لە شار بووین ڕێگە بەسترا نەمانتوانی بگەرێینەوە بۆ دێیەکەی خۆمان ، پاشان لە تەک ئەوانەی لە ئەنفال رزگاریان بوو یان لە نوگرە سەلمان گەڕانەوە لە ئوردوگای شۆڕش نیشتەجێ بووین . ماڵەکەمان زۆر بێ کەڵک بوو ، ژوورێکی بە بلۆک دروست کراوی سواخ نەدراو، نە ئاومان هەبوو نە کارەبا ... نە ژیان ... لەبەر نەبوونی و هەژاری منداڵ و ژن دەستمان دایە کارکردن ، منداڵان لە بازاڕەکاندا وون بوون ، ژنان و کچانی گەنجیش ڕوومان دەکردە ئەو دەشتە و کەنگەرمان دەکرد یان لە باخ و کێڵگەکاندا سەوزەمان دەسکەنە دەکرد ، بەینا بەینێ کابرایەک دەهات و دەیبردین بۆ حەویجە لەوێ لە کێڵگەی

ئەفسەرێکی عەرەب سەوزە وتەماتە و خەیارمان دەچنی ، هەر لە شەبەقەوە کارمان دەکرد ، تا نزیکی ڕۆژئاوا بە کرێیەکی کەمەوە دەگەڕاینەوە ماڵەوە .
هەندێ ڕۆژ ئەفسەرەکە خۆی دەهاتە سەر کێڵگەکە هەر جارەی یەکێکی لێ دەستنیشان دەکردین کە بچینە ماڵەوە بۆ یارمەتیدانی ژنەکەی لە کاروباری ناوماڵ ، لەبەر ئەوەی زۆر میواندارە ، ئەوانەی کە پێشتر ڕۆیشتبوون کە دەگەڕانەوە هیچ شتێکیان لای هاوەڵەکانیان نەدەدرکاند ، زۆربەشیان وازیان لە کار دەهێنا ... تا ڕۆژێکیان نۆرە گەیشتە من لە تەکیا چوومە ماڵەوە ، وتی ئەمشەو میوانێکی زۆرم هەیە وژنەکەم فریا ناکەوێ بە تەنیا بەرێیان کا دەبێ تۆ یارمەتییەکی باشی بدەی. کە چوومە ماڵەوە یەکسەر دەست بە کار بووم ، کۆڵێکیش خۆشحال بووم کە بۆ ڕۆژێکیش بووە لە گەرمای بەر هەتاو و قوڕ و لیتەی سەوزەچنین ڕزگارم بوو . پەنجەکانم ئەوەندە ئازاریان زۆر بوو هەستم دەکرد خوێنیان لێ دەتکێ ... خواردن و خواردنەوەیەکی زۆر خرایە بەر دەست میوانەکان ، بە درێژایی کات کە بۆن و بەرامی ئەو خواردنانە دەچوو بە لووتما بیرم لە دایکم و براکەم و خەڵکە برسییەکەی ئۆردوگا دەکردەوە . کە شەو داهات و کارو بار تەواو بوو ژنە چووە قاتی سەرەوەو خەفت و منیش لە کونجێکی چێشتخانەکە سەرخۆم کزکرد ولەبەر شەکەتی بەدەنم خەوم پیا کەفت ... ئەوەندە بە ئاگا هاتم یەکێک بە نووکە شەق خەوەرم دەکاتەوە ، ڕاچڵەکیم ... ڕوانیم کاورای خانەخوێیە ، داوای لێکردم بڕۆم خزمەت میوانەکان بکەم . کە چوومە ژووری میوان دەنگی مۆسیقا وپێکەنین و قسەکردن تێکەڵ بە یەک ببوون کەس گوێی لەوی تر نەبوو لە کاتێکدا خەریکی کۆکردنەوەی شتەکانی بەردەستیان بووم ، کاورایەک وەک سەگی برسی پەلاماری دام یەکێ تریش هات دەستم بۆ بەرێ ... خۆم ڕاپسان و زۆر تێکۆشام تا خۆم لە دەستیان قورتار کەم ، جلەکانم دڕان ، ئەوانی کە دانیشتبوون هەموو پێکەنین ... وەهەرحاڵ بوو خۆم قورتار کرد و ڕامکردە قاتی سەرەوە پەنام بۆ ژنە ئەفسەرەکە برد کەوتمە سەر دەست و پێی وتم شەرەفم بپارێزە ، ماڵی ئاوا ، ژنە بانگی مێردەکەی کرد تۆزێ قسەیان کرد و کاورا ڕۆیی . ژنە لێمگەڕا لە هەورە بانەکەی سەربان تا بەیانی بحەوێمەوە ، ڕۆژم لێنەدەبووەوە ... تا بەیانی وەک سەگ هەڵدەلەرزیم ، دار و بەردم لێبووە پیاوی دڕندە و پەلاماریان دەدام . کە ڕۆژ بووەوە گەڕامەوە سەر کێڵگە ، هاوەڵەکانم هەموو تەماشامیان دەکرد ، دەمتوانی بە بێ ترس لەتەک هەموویان قسە بکەم بزانم ئەوانیش وەک منیان بەسەر هاتووە کەس نتقی لێوە نەهات ... بەڵام بە چاوەکانیان زۆر شتیان بۆ باس کردم . ئەو ڕۆژەم تا ئێوارێ بەسەر برد و ئیتر نەگەڕامەوە بۆ کێڵگە .